# ئایا هەڵگرتنی مەصحەف ( قورئان ) دروستـــە لەنوێـــژدا بۆ ئـــەوەی بخـــوێنرێت؟

[ كردي – کوردی – kurdish ]

ئامادەكردنی : عەبدوالسلام موحەمەد پشدەری

پێداچونەوەی: پشتیوان سابیر عەزیز

١٤٣٠ ـ ٢٠٠٩

islamhouse.com

# ( حمل المصحف والقراءة منه أثناء الصلاة )

« باللغة الكوردية »

إعداد : عبد السلام محمد بشدري

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز

١٤٣٠ - ٢٠٠٩

islamhouse.com

# ئايا هەڵگرتنی مەصحەف ( قورئان )

# دروستـــە لەنوێـــژدا بۆ ئـــەوەی بخـــوێنرێت؟

وەڵامی ئەم بابەتە چەند بەشێك لەخۆ دەگرێت:

**یەكەم :** هەڵگرتنی مەصحەف بۆ ئیمام و پێش نوێژ ئەگەر هاتوو بۆ نوێژی فەرز بوو، حەنەفیەكان ڕایان وایە هەڵگرتنی مەصحەف لەنوێژدا ئەو نوێژەی پێ بەتاڵ دەبێتەوە، جا چی ئەو نوێژە نوێژی فەرز بێت یان سوونەت ( نافلة ) بێت هەروەك لە كتێبی ( شرح فتح القدیر ) بەرگی ١/ لاپەڕە ١٠٩دا هاتووە ، بەڵام جمهـــوری زانایان ڕایـــان وایە ئەوە كارێكی ( مەكروهە ) ونوێژی پێ بەتاڵ نابێتەوە هـەروەك لە كتێبی ( حاشیة الدسوقی ) بەرگی ١/لاپەڕە ٣١٦، و لەكتێبی ( الإنصاف ) بەرگی ٢/ لاپەڕە ١٠٩دا هاتووە، بەڵگەی جمهوری زانایانیش بەڵگەی ( صحة و دروستی ) نوێژەكە بەوە دەهێننەوە كە ابو بكر الاثرم وابن أبي داود لە عائشەی دایكی موسڵمانانەوە ( خوای لێ ڕازی بێت ) گێڕاویانەتەوە، كە یەكێك لەبەندەكانی بەناوی ( ذكوان ) پێش نوێژی بۆ كردوە وقورئانی لەبەر مەصحەفێك بۆ خوێندووە، وە مەكروهیەكەشی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە كە نوێژ خوێن مەشغوڵ دەكات بەسەیركردن وهەڵدانەوەی لاپەڕەكانی، لەگەڵ ئەوەشدا هیچ پێویست ناكات بەو كارە، چونكە هەركەسێك كە بتوانێت پێش نوێژی بكات دەتوانێت یەكێك لە سوورەتە كورتەكان بخوێنێت .

**دووەم :** بەڵام لە نوێژی سوننەت ( نافلة ) دا، دیسان حەنەفیەكان هەمان ڕایان هەیە بۆ نوێژی سوونەتیش، وپێیان وایە نوێژی سوونەتیشی پێ بەتاڵ دەبێتەوە، بەڵام مالكیەكان لەم مەسئەلەیدا پێیان وایە ( مەكروهە ) هەروەك لە كتێبی ( جواهر الاكلیل) بەرگی ١/ لاپەڕە ٧٤ دا هاتوە، لەگەڵ ئەوەدا شافعیەكان لەگەڵ حەنبەلیەكان پێیان دروستە وهیچ مەكروهیەكی تیادا نابینن، هەروەك لە كتێبی ( نهایة المحتاج ) لەبەرگی ١/ لاپەڕە ٤٧٦، و لـــەكتێبی ( الإنصاف ) بەرگی٢/لاپەڕە ١٠٩ دا هاتووە .

خۆشەویستان لەم سەرەدەم وچەرخی نوێشدا ئەم پرسیارە ئاراستەی شێخ عبد العزیز بن باز ( ڕەحمەتی خوای لێ بێت ) کرا ، ئایا دروستە نوێژ خوێن لە نوێژدا مەصحەف هەڵبگرێت وسەیری بکات و بیخوێنێتەوە ؟

**یەکەم : هەڵگرتن وخوێندنەوەی مەصحەف لەنوێژدا بۆ ئیمام :**

لەڕاستیدا ئەم بابەتە جێگای مشتومڕ وڕای جیاوازی نێوان زانایانە، بەڵام ڕای دروستر وپەسەندتر ئەوەیە کە ئیمام و پێش نوێژ دەتوانێت مەصحەف هەڵبگرێت ولەنوێژدا بۆ مەئمومەکانی بخوێنێت ئەگەر هاتوو قورئانی لەبەر نەبوو، یان لەبەرکردنەکەی لەبەرکردنێکی لاواز وبەهێز نەبوو، لەگەڵ ئەوەشدا خوێندنی لەو مەصحەفەدا بە سوودتر بوو بۆ نوێژخوێنەکانی تر، لەم بـارەیەشەوە ئیمامی بوخاری لــە صەحیحەکەیدا لە ( كتاب الأذان باب إمامة العبد والمولى ) ئاماژەی بەو ڕیوایەتە کردوە کە  عائشەی دایــکی ئیمـــانداران ( ذکوانی ) بەندەی لە شەو نوێژدا لەبەر مەصحەف قورئانی بۆ خوێندوە، ئەوە دەسەلمێنێت کە ئەم کارە دروستە وهیچی تێدا نیە، بەڵام خۆ ئەگەر ئیمام قورئانی لەبەر بێت وپێویست نەکات بە هەڵگرتنی مەصحەف ئەوە باشترە، چونکە خشوع بۆ ئیمام زیاتر دروست دەکات دور دەکەوێتە لە جموجوڵی زۆر کە لە نوێژدا فەرمانی پێکراوە نەکرێت، چونکە هەڵگرتنی مەصحەف نوێژخوێن مەشغوڵ دەکات وخەرکی دەکات بە هەڵدانەوەی لاپەڕەی قورئانەکەوە، خۆ ئەگەر ئەەم کارە نەکات باشترە.

**دووەم : هەڵگرتن وخوێندنەوەی مەصحەف لەنوێژدا بۆ مەئموم :**

بۆ ئەم مەبەستە هیچ بنەماو بەڵگەیەك نیە لــە سوننەتی پێغەمبــەری خوا ( صلى الله علیه وسلم ) وژیانی سەلەفی صالّحدا، بەڵکو باشتر وڕاستر ئەوەیە کە مەئموم ( نوێژ خوێنی پاش ئیمام ) بە خشوعەوە گوێ لە خوێندنی قورئانی ئیمامەکەی بگرێت نەك مەصحەف هەڵگرێت، لەگەڵ ئەوەشدا دەستی ڕاستی بخاتە سەر دەستی چەپی ولەسەر سنگی دایبنێت، هەروەك لە سوننەتی صەحیحدا هاتوە، هەر ئەم کارەش ڕاستر ودروسترە، چونکە هەڵگرتنی مەصحەف مەشغوڵی دەکات و ئەم سوننەتەی لە کیس دەدات، ودڵ و چاوی مەشغوڵی خوێندنەوە وهەڵدانەوەی لاپەڕەکانی قورئانەکە دەبێت، جا بۆیە من وا دەبینم سوننەت ئەوەیە ئەو کارە نەکرێت، زۆر باش بێ دەنك بێت

وبەخشوعەوە گوێ لە خوێندنی ئیمامەکەی بگرێت، جا ئەگەر ئیمامەکەشی لە خوێندنەکەیدا هەڵەیەکی کرد، ئەگەر قورئانی لەبەر بوو ئەوە بۆی ڕاست بکاتەوە، وەگەر نا خەڵکانی تر بۆی ڕاست بکەنەوە، خۆ ئگەر کەسیش نەبوو بۆی ڕاست بکاتەوە، ئەوە هیچ ئیشکالێك نیە، چونکە ئیشکال لەوەدایە کە لە خوێندنی سورەتی ( الفاتحة ) هەڵە بکات وکەس نەبێت بۆی ڕاست بکاتەوە، چونکە خوێندنی ( الفاتحة ) ڕوکنی نوێژە وبەبێ خوێندنی بە شێوەیەکی ڕاست ودروست نوێژی پێ بەتاڵ دەبێتەوە، بە پێچەوانەی ئەو بڕە قورئانەی کە لەپاش ( الفاتحة ) دەخوێنرێت، ئەگەر هەڵەیەکیشی تێدا بکرێت، یان هەندێکی لێ ببچڕێنرێت هیچ زیان نادات لە دروستی نوێژەکە، ئەگەر کەسیش نەبوو بۆی ڕاست بکاتەوە، خۆ ئەگەر لەم حاڵەتەدا تەنها کەسێك لەپاش ئیمامەوە مەصحەفێکی پێ بێت بۆ ئەوەی بۆ ڕاست بکاتەوە لە کاتی پێویستدا، من وای دەبینم هیچ زیانێکی نەبێت وقەیدی ناکات، بەڵام هەموو نوێژ خوێنەکان یەکی مەصحەفێکیان پێ بێت، بەڕاستی ئەمە پێچەوانەی سوننەتی پێغەمبەری خوایە ( صلى الله عليه وسلم ) .

( سەرچاوە : پێگەی شێخ عبد العزيز بن باز - ڕەحمەتی خوای لێ بێت- )

**سێهەم : هەڵگرتن وخوێندنەوەی مەصحەف لەنوێژدا بۆ کەسێك ئەگەر خۆی بەتەنها نوێژی تەراویح یان شەو نوێژ بکات .**

بۆ وەڵامی ئەم پرسیارەش شێخ محمد بن صالح العثيمين ( ڕەحمەتی خوای لێ بێت) ووتویەتی : بەڵێ دروستە بۆ کەسێك کە قورئانی لەبەر نەبێت لە مەصحەفێکدا قورئانەکەی بخوێنێت، بەڵام ئەگەر هاتوو قورئانی لەبەر بوو ئەوە باشتر وڕاستر ئەوەیە کە قورئانەکەی لەبەر بخوێنێت، چونکە هەڵگرتنی مەصحەف لە نوێژدا دەبێت بەهۆی چەند شتێك : یەکەم : دەبێت بەهۆی ئەوەی کە ئەو سوننەتەی لەکیس بچێت کە دەستی ڕاستی بخاتە سەر دەستی چەپی ولەسەر سینگی دای بنێت، دووەم : چاوی مرۆڤ مەشغوڵ دەبێت کە سەیری شوێنی سوژدەکەی خۆی بکات کە ئەمەش لەدەست دانی سوننەتێکی ترە، سێهەم : جوڵانی چاوی لە دێڕێکەوە بۆ دێڕێکی تر ولە لاپەڕەیەکەوە بۆ لاپەڕەیەکی تر، ئەمەش جۆرێکە لە لاکردنەوە بەم لاولادا کە قەدەغەی لێکراوە، چوارەم : ئەو جم وجوڵەی کە دەکرێت لە هەڵگرتنی مەصحەف

ودانان و هەڵدانەوەی لاپەڕە ئەگەر مرۆڤ بتوانێت ئەنجامی نەدات ونەیکات ئەوە بێگومان زۆر باشترە، بەڵام ئەگەر وا پێویستی کرد مەصحەف هەڵبگرێت، وەك ئەوەی کە هیچ قورئانی لەبەر نەبوو، ئەوە ئەو کاتە قەیدی ناکات مەصحەفێك هەڵبگرێت وقورئانەکەی تێدا بخوێنێت .

( سەرچاوە : پێگەی شێخ العثیمین - ڕەحمەتی خوای لێ بێت- )

هەر سەبارەت بەم مەسئەلەیە پرسیارێك کراوە ئایا دروستە خوێندنی قورئان لە کۆمپیتەر لەکاتی نوێژدا؟

بەڕاستی وەڵامی ئەم پرسیارە هەمان وەڵامی پێشوی هەڵگرتنی قورئانی هەیە لەکاتی نوێژدا، جا ئەگەر نوێژی فەرز بوو وەك ئاماژەمان پێدا ئەوە حەنەفیەکان پێیان وایە نوێژی پێ بەتاڵ دەبێتەوە جا چی نوێژی فەرز بێت یان سوننەت، بەڵام جمهوری زانایان پێیان مەکروهە ئەگەر لەنوێژی فەرزدا بێت، بەڵام ئەگەر لەنوێژی سوننەتدا بێت هیش ئیشکالێك دروست ناکات، وەك پرسیار کراوە لە ئیمامی ئەحمەد ( ڕەحمەتی خوای لێ بێت ) لەم باریەوە، ئەویش لەوەڵامدا فەرموویەتی : هیچ قەید ناکات ئەگەر لە شەو نوێژدا بوو ( واتە نوێژی سوننەت بوو ) ووتیان ئەی ئەگەر نوێژی فەرز بوو؟ ئەویش فەرمووی: لەم بارەیەوە هیچ بەڵگەیەکم نەبیستوە کە دروست بێت. ( الموسوعة الکویتیة بەرگی ٣٣ / لاپەڕەی ٥٧ و ٥٨ ) .